# لە جەژنی ڤالانتاین من پێت نالێم بۆچی واتکرد

**نیهاد جامی**

لەچواردەی شوباتی هەموو ساڵێك لە تەواوی جیهان یادی پیاوێك دەکرێتەوە کە یادی ئەو بووە بە جەژنێك کە بە جەژنی عاشقان ناسراوە, جەژنێك هەر بە ناوی ئەو پیاوە ناونرا, ئەوەش وەك ڕێز گرتنێك لە هەوڵی قەشە ڤالانتاین کە بە دژی بڕیاری قەیسەر عاشقانی لەیەك مارە دەکردو بڕیاری قەیسەری شکاندو بەوکارەش دژایەتی بۆشەڕو مەرگ ڕادەگەیاندو لەشوێنیدا هەناسەو پەنجەرەیەکی بۆ عاشقان دەکردەوە کە تیایدا لەو دەروازەیەوە بڕواننە ژیان, ئەگەر چی لە ئەنجامدا قەیسەر دەسگیری کردو دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە سێدارەی دا, ڕۆژی لە سێدارە دانی بوو بە ڕۆژی عاشقان, ئەو ڕۆژە جەژنێکە کە عاشقان دیاری پێشکەشی خۆشەویستەکانیان دەکەنو وەك هەر جەژنێکی تر ئەو ڕۆژە بە پیرۆز ڕادەگرن

کاتێ لەبەرامبەر عاشقێکی وەك قەشەی ناو براو دەوەستین دەبێت بەو پەڕی ڕێزگرتنو مەزنیەوە سەیری پیاوێکی ئاینی لەو چەشنە بکەین, ئەگەرچی دڵنیاین لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی پیاوێکی ئاینی وەك قەشە ڤالانتاین یەکێکە لە مەحالیەتەکانی ژیانی کوردیی, بەڵام کاتێك بە ڕێزەوە بەرامبەر ئەو یادە دەوەستین ئەگەر لەتەواوی ڕابردوی نێو ژیانی خۆمان ڕابمێنین دەبینین عەشق بۆ ئێمە سەنگەرێك بووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەموو ئەو ناشیرینیانەی کە دەوری ژیانی ئێمەیان داوە, ئەلتەرناتیڤێك بووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ژیانی ماڵەوە ڕاکردن بووە لە واقیعێك کە بە هیچ چەشنێك بە دڵمان نەبووە, عەشقی کوردیی لە دنیایەکدا بووە کە دێوەزمەی بەعسیزمو تراژیدیا تۆقێنەرەکانی لە لایەكو لەلایەکی تریش شەری حزبە کوردیەکان و ئسولێەتی ئیسلامی بەردەوام هەڕەشەیان لە ئازادیەکانمان کردووە, بەڵام ئەوە عاشقی کوردیی بووە ویستویەتی سەرباری هەموو تراژیدیاو مەرگەساتەکانو هەڕەشە تۆقێنەرەکان, دەسبەرداری ئارەزووە خودیەکان نەبێت, ئەو کاتەی بیر لەو ڕابردووە دەکەینەوە,' پێویستمان بەوەیە ئەو ڕۆژە بکەینە بیانویەك بۆ ئەوەی بتوانین ڕێز لە خۆشەویستیەکەمان بگرینو بەدەستی خۆمان نەیخەینە ژێرخاکەوە.

ئەوەی لەو ڕۆژەدا بۆ کەسی عاشق گرنگە بە تەنیا دیاری پێشکەش کردن نیە بە خۆشەویستەکەی ڕاستە ئەوەیان بەشێکە لە سرووتی ئەو جەژنە, چونکە نە جەژنە ئاینەیەکانو نەجەژنە نەتەوەیی نەیادە ناشیرینەکانی حزب جەژنی ڕاستەقینەی ئەون, بەڵکو جەژنی ئەو جەژنی ڤالانتاینە, بۆیە ئەوەی لەو جەژنەدا گرنگ بێت ئەوەیە کە ئەو عاشقانەی لەیەك تۆراون بتوانن بەهۆی ئەو جەژنەوە لەگەڵ یەکتری ئاشت بنەوە, ئەگەر تەواو هەست بکەیت کەهەڵە لەخۆشەویستەکەشتە بەڵام دەبێت ئەو جەژنە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئاشت بوونەوەو تورەیی بۆ ئەبەد بخرێتە ژێر خاکەوە, بەڵام ئەگەر دۆستەکەمان ئامادە نەبوو ئیدیی ڕێز لەو جەژنەش بگرێتوەهەر سوور بوو لەسەر جیا بوونەوە, با ئێمە بەهۆی ئەو جەژنەوە ڕق لەناو خۆمان دروست نەکەبن, بەڵکو لە شوێنیدا ڕێز لەبڕیاری دۆست بگرین, مادامەکی لەناوەوەدا هەستی عاشقێتی لەناوماندا نەسردرێتەوە, ئەگەر ئێمە بەردەوام بە دوای شکستی عەشق بەوە ڕاهاتووین پەنا بەرینە بەر ئەو گۆرانی و شیعرانەی کە گوزارشت لە سەر زەنشت کردنی دۆست دەکات, با لەو جەژنەدا ئەو نەریتە ناشیرینە تێك بشکێنین.

بیرمان نەچێت ئەوەی ئەمرۆ سەرزەنشتی دەکەین ڕۆژگارێك بەخودامان شوبهاندووە, ئەگەر موقەدەسێك لە ژیانی ئێمەدا هەبووبێت ئەوەی دۆستەکەمان بووە, بیرمان نەچێتەوە کە چەندین شەو خەونمان پێیەوە دیووە و شەوانە لە یانەکان بەسەرخۆشی بۆی گریاوین, بۆیە کاتێ دۆست بە جێمان دێلێت ناتوانین ئەو عەشقەمان تەوزیف بکەینە نێو فەزای جیاواز بەوەی عەشق لە سەرزەنشتکردنەوە بگۆڕینەوە بە لێبووردن, بەڕاست ئەگەر بمانەوێ هەستی شەڕانگێزیەتی نێو واقیعی تورە بگۆڕینەوە بە هەستێکی شاعیریانە بەوەی تەنانەت نەرسیسیەتی ناو خۆشمان بکوژینولە پێناو خۆشگوزەرانی دۆست ئامادەبین گریانو تراژیدیا هەرتەنها بۆ خۆمان بێت, ئەو ساتە دۆخێکە دەکرێت هەست بکەین کە بەڕاستی دۆستە ڕۆیشتووەکەمان خۆش دەوێت, بۆیە با جەژنی ڤالانتاین و گۆرانی "من پێت نالێم"* بکەینە دەروازەیەك بۆ لێبووردن, کێ دەڵێ ئەو دەست پێشخەریەی ئێمە, کە پێچەوانەی پێشبینی دۆست بوو بۆ عەشقەکەمان, نابێتە هۆی ئەوەی ئەویش بیر لە گەڕانەوە بکاتەوە, ئەگەر واشی نەکرد قەیدیی چیە با بۆ جارێکیش بێت بتوانین عاشقێکی خۆپەرست نەبینو بە دۆستەکەمان بڵێین:

" من پێت نالێم بۆچی واتکرد, بۆچی هاتی بۆ ڕۆیشتی,
من پێت نالێم تۆ خەونێك بووی زوو ڕۆیشتی! "
گۆرانیەکی هونەرمەند(ڕۆژ کەریم)ە